خوێندنەوەیەك بۆ:

# بزووتنەوەی فشارلەکوردستان..

**نوسینی: تەها سلێمان**
tahsleman17@yahoo.com

کوردستان و حزب ، کوردستان و دەسلاّت، حزب و چین و توێژە جیاجیاکانی کوردستان، چین و توێژەجیاجیاکانی کوردستان و دەسلاّت ، کوردستان و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەیی و دیموکرتی و ناحکومیەکان و هتد تابلۆیەکی ئێجگار ئالۆزو تێکچرژاون و خوێندنەوەیەکی بابەتیانەو لۆژیکیانەی دەوێ. ڕوونتر نەخوێندنەوەو شرۆڤەنەکردنی ئەو تابلۆیە بەدیوە تەندرووست و بابەتی و لۆژیکی یەکەیدا ، یەکێکە لەگرفتە هەرە کوشندەکانی کۆمەلگای کوردی و پێکهاتە جۆراو جۆرەکانی و پەنجەرەیەکی ئاوالاّشە بۆدرێژبوونەوەو بەردەوامبوونی ئالۆزی و تێکچرژاوییەکانی و قەیرانەکانی پشت ئەو ئالۆزی و تێکچرژانە، بەبینینێکی تر ئامادەنەبوونی پرسیار و هاوکات ولاّم نەدانەوەی پرسیارە بەئاراستە دروست و پێویستەکەیدا. بڕواشم وایە قەیران لەسەرجەم ئاستەکانی سیاسی ، ئابووری، کۆمەلاّیەتی ، ڕۆشنبیری ، و تاد.. وەنەبوونی بززووتنەوەی فشاربەشێوەیەکی ڕێکخراوو بەرنامە بۆ داڕێژراو لەئاستیاندا ، یان بۆولاّمدانەوەی ناوەڕۆك و کاریگەییە خراپەکانی ئەو قەیرانە کوشندەیە. لێرەوە هەوڵ دەدەم بەپێی توانا لایەنە جیاجیاکانی ئەم مەسەلەیە شرۆڤە بکەم .

## بەرپرسیارێتی لەقەیران و هۆکارەکانی..؟

ئەگەر ووردو بابەتیانە سەرنجی ناوەڕۆك و واقیعی بەرپرسیارێتی لەبەردەوامبوونی قەیرانی کۆمەلگای کووردی و هۆکارەبنەڕەتیەکانی بدەین، دەبێت دووربکەوینەوە لەو دیدە نابابەتیەیی کەبەردەوام دەیەوێ وافێرمان بکاو ڕامانبێنێ و بڕوامان پێبێنێ ، کەئەوە واقیعەو دەبێت قبووڵی بکەین. بەمانایەکی تر دەبێت بەپێی ئەو واقیعە ولەگەڵ ڕێژگە سیاسی و ئابووری و کۆمەلاّیەتی و ڕۆشنبیرییەکانی ڕێبکەین و بگرە هەندێ جاریش وامان بەبەر گوێدا دەدرێ کەزۆر خوورد کردنەوەی ئەم هاوکێشەو تابلۆیە و قسەلەسەرکردنی خزمەتی دۆزی کووردی ناکات، یان دەخرێتە خانەی دژایەتی کردن و بەدحاڵی بوون لەواقیعی هاوکێشەو ڕووداوەکان. ئەگەرکۆنکریتی تر قسەبکەین دەبێت بێژین ئەمەیە بەرپرسیارێتی لەخودی درووستبوونی قەیران و بەردەوامبوونی و فراوانبوونی

گاریگەری و زیانەکانی بەئاراستەیەکی تەواو مەترسی دار. یان دەتوانرێ بوترێ ئەمە یەکێکە لەهۆکارە ڕیشەییەکانی درووستبوونی قەیران لەسەرجەم ئاستەکانی سیاسی ، ئابووری ، کۆمەلأیەتی، ڕۆشنبیری و هتد کە بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەرو یاخەی کۆی کایەجیاجیاکانی کۆمەڵگای کووردی گرتووە، لەسەرووی هەمووشتێکەوە گووتاری سیاسی ئاراستە کراوی سەرکردایەتی سیاسی . کەواتە دەبێت دان بەوەدابنێین و بیسەلمێنین کەسەرکردایەتی سیاسی بەرپرس وهۆکاری پلەیەکن لەقەیرانی کۆمەڵگای کووردی و ئاکامەکانی، ئەم بەرپرسیارێتیەش مەسەلەیەك نیە هەروا بەئاسانی بەسەرماندا تێپەڕبێت، بەڵکو گرنگ ترین شت لەم مەسەلەیەدا شرۆڤە کردنی باگراوەندی ئەم بەرپرسیارێتی و بەهۆکاربوونەی سەرکردایەتی سیاسی کوردە لەبەرامبەر قەیرانی کۆمەڵگای کووردی و ئاکامە خراپ و ترسناکەکانی ، کەبەبڕوای من چاوەڕوانی زۆر بابەت و دەرهاویشتەی خراپی لێدەکرێ و کاتێکیش ئاکامی قەیرانەکان گەشتە ئەو ئاستەی ڕووداوی ترسناکی لێبکەوێتەوە ، ناتوانرێ بەشێوەیەکی درووست و بابەتیانە ڕووبەڕووی ببینەوەو چارەی گوونجاو بۆ ئاستەنگەکان دابنرێ. کەواتە دەبێت سەرکردایەتی سیاسی کووردی پێش هەمووشتێ بابەت و ئاستی بەرپرسیاربوونی بسلمێنێ و دانی پیابنێ، بەپێچەوانەی ئەوەی کە هەمووجارێ دەیەوێ خۆی لەبەرپرسیارێتی و هۆکاری ڕاستەقینەی قەیرانەکە کەخوودی خۆیەتی بدزێتەوەو بەدیوە نادرووست و نالۆژیکیەکەیدا بابەتەکان ئاراستەبکا. ئەم بۆچوون و تێڕوانینەی سەرکردایەتی سیاسی کووردی بەدەرنیە لەهەڵپەکانی مێژووی دوورو درێژی بزووتنەوەی سیاسی کووردی ، بۆتێگەیاندنی چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کووردی بەئاراستەیەك کەهەمیشە خۆی لەبەرپرسیارێتی و هۆکاری قەیرانەکان دووربخاتەوەو بەئەمری واقیعیان ناو زەد بکا، لەکاتێکا خوودی خۆی سەرمەشقی گەمەکردن بوەو بڕیاردەری کۆی مەسەلە جۆراو جۆرەکانی گۆڕەپانی سیاسی بوە. دەستبەردار نەبوونی سەرکردایەتی سیاسی کووردی لەم پرۆژەونەخشەو تێزەی ئێستای کارکردنی نەك دەروازەیەکە بۆکۆتایی هێنان کۆمەڵگای قەیراناوی کووردی ، بەڵکو درێژەپێدان و هۆکاری بنەڕەتی قوڵکردنەوەی قەیرانی هەمیشەیی و ترسناکی کۆمەڵگایە، لەباگراوەندی بەردەوامبوونی ئەم نالۆژیکی و نابابەتیبوونەی سەرکردایەتی سیاسی کووردیدا، بزووتنەوەیەکی فشارو ناڕازی بەڕێوەیە کە کرۆکی باسەکەمان پێك دێنێ.

## واقیعی کۆمەڵگای کووردی ؟

لەسەرەتادا باسی ئەوەمان کرد کوردستان و حزب ، دەسلأت و کوردستان، حزب و چین و توێژە جیاجیاکانی کوردستان، چین و توێژە جیاجیاکانی کوردستان و دەسلأت، کوردستان و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەیی و دیموکراتی وناحکومی و هتد..تابلۆیەکی ئێجگار ئاڵۆزو تێکچڕژاون، ئەگەربمانەوێ تووخمو ڕەگەزەکانی ئەم تابلۆ ئاڵۆزو تێکچڕژاوە بخوێنینەوە ، ئەواکەرەستە گەلێکی فراوانمان لەبەردەستە بۆقسەلێکردن و بۆساغکردنەوەیان. یانی ئەگەر مرۆڤ بیەوێ بزانێ لەکۆمەڵگای کوردیدا جیاوازییەکانی نێوان سروشت و پێکهاتەی حزب و دەسڵات چین وئایا دەتوانرێ پۆلین بکرێن؟

یان ئایا ئەگەر بتەوێ شرۆڤەی سروشت و پێکهاتەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەیی و دیمووکراتی و ناحکومیەکان بکەیت دەتوانرێ بەبێگەڕانەوە بۆسروشت و پێکهاتەی حزب و دەسڵاتی حزبی و سروشت و پێکهاتەی دەسڵاتی ئیداری دەتوانرێ ئەو ئەرکە ئەنجام بدرێ؟ بۆولاَم بەو دوو پرسیارە کەچەندین لایەنی جیاجیاو کایەیی فرە ڕەنگ لەخۆ دەگرێ ، زۆر ئاسان نیە ولاَمی حازر بەدەست هەبێت بەڵکو دەتوانرێ بەخوێندنەوەو سەلیقەی ورد ناوەخنی ئەم هاوکێشەیە خوورد بکرێتەوە. حزب لەکۆمەڵگای کووردیدا خاوەنی ڕاستەقینەی هەمووشتێکە ، یان دەتونین بێژین حزب لەکۆمەڵگای کووردیدا وەك کایەیەکی خراپ و زیانبەخش بەکاردەبرێ و لەڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی لابراوەو بەدەست ڕێبەرەکانیەوە گەمەیەکی خراپی پێدەکرێ ، بەتایبەت حزب و ڕێگکخراوە ناسیونالیست و نەتەوەییەکان. وردتر حزب لێرە کایەیی سیاسی و ئابوری و کۆمەلاَیەتی وئیداریو ڕۆشنبیری و تەنانەت خێزانیشی بەدیوەترسناکەیدا داپۆشیوەو کارلەسەرتێکشکاندنی دەکا. یانی ئەگەر تۆبتەوێ بیر بکەیتەوە بەبێ حزب ناتوانی بیر بکەیتەوە، ئەگەر لەدەرەوەی حزب بتەوێ بیر بکەیتەوە ئەوابۆی هەیە تووشی جورەهالێپرسینەوەو هتد بیتەوە، بەپێچەوانەشەوە چەند بیری ترسناك و خراپ و زیانبەخشیش بەرهەم بێنی گرنگ لەسنووری یاساو ڕیساکانی حزب نەچیتە دەرەوە تووشی هیچ جۆرە سزایەك نابیت و بگرە زۆر جاریش دەستخۆشیت لێدەکرێ. ڕوونتر لەکۆمەڵگای کوردیدا هێندەی ئینتما حزبایەتی تەسك هەیە لەسەدایەکی ئەوە ئینتما بۆ بەرنامەی حزب و پرۆژەی کارکردنی حزب نیە، و بگرە پرۆژەی کارکردنی حزب لەواقیعی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کووردیدا بەبەراوورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردووی پێش دەسڵاتی ئیداری و حکوومڕانیدا، لەڕووی پێکهاتەو سرووشتی کاری حزبیەوە نەك هەرپێش نەکەوتوە، بەڵکوو هەنگاوگەلێکی خراپ پاشەکشێی کردوەو ئەم پاشەکشێیەشی شۆڕبوەتەوە بۆنێو کایەجۆراو جۆرەکانی کۆمەڵگای کوردی و بەرجەستەکردنی لەهزری تاکەکانیدا. ئەگەر مکۆم تر قسەبکەین هێندەی بیری پێشکەوتنخوازی ونیشتمانی و نەتەوەیی وئاکاری سیاسی درووست و پێویست لەکارنامەی زۆربەی حزبەسیاسیەکان و سەرکردایەتی سیاسی کووردیدا بێتە بەرهەم، زۆرزیاتر لەوە بیری خێڵ و عەشرەت و بنەماڵەو خزمایەتی بەرهەم دەهێنرێ و لەسرووشت و پێکهاتەی حزبدا بەرجەستە دەکرێ ، گوومانیش لەوەدانیە ئەم نەریتە خراپ و ترسناکەی واقیعی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردی بەپلەی یەکەم حزبەباڵادەستەکان لێی بەرپرسیارن و هۆکاری سەرەکی ئەم دیاردەیەن. دەگەڕێمەوەو دەڵێم ئەگەر ئەمە واقیعی دۆخی کۆمەڵگای کووردی بەهەمووپێکهاتەکانیەوەبێت، دەبێت بزووتنەوەی فشار لەبەرامبەر ئەم واقیعە تاڵ و ترسناکەدا لەکوێدا ڕاوەستابێت؟ ئایا شتێ هەیە ناوی بزووتنەوەی فشاربێت؟ ئەگور مەسەلەیەکی لەو چەشنە بوونی هەیە لەکوێی ڕووداوەکاندایەو ئاستی کامڵی و ناکامڵی لەکوێدایە؟ ئەگەریش نیە هۆکارەکانی نەبوونی چین و کامانەن؟ حزبەباڵادەست و حکومڕانەکان چۆن دەڕواننە بوون و ڕێوشوێنەکانی بزووتنەوەی فشارو لێکی دەدەنەوە؟ یان دەکرێ و زۆر بابەتیە بپرسین : دۆخێکی بابەتی لەبار هەیە بۆ درووستبوونی بزووتنەوەی فشار لەپێناو کۆتایی هێنان بەئاڵۆزی و قەیرانەکانی کۆمەڵگای کوردی؟ ئەمانەو زۆری تر پێویستیان بەولاَمدانەوەیە و هەوڵ دەدەین لەسەریان ڕاوەستین.

## بزتنەوەی فشار بۆوچۆن؟

ئەوە یاسایەکی دیالەکتیکی نەگۆڕە ئاکامی هەر قەیران و تەنگژەیەك ، لەهەر کۆمەڵگایەکدا بێت ڕووداوو پێشهاتی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێ، بەتایبەت قەیران لەکۆمەڵگایەکدا کەبەردەوام ڕوولە قووڵبوونەوەو فراوان بوون بێت. من وای دەبینم قەیرانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردی بەدەر لەقسەو لێکدانەوەی سیاسیە بالآدەستەکان ، ڕوولە کەمبوون و دامرکاندنەوە نیەو پێش ناچێ وابەئاسانی ئەو قەیرانەی کەچەندین ساڵە کۆی پێکهاتەی کۆمەڵگای ئێمە پێوەی دەتلێتەوە کۆتایی پێبێت. بۆیە ئەم واقیعە قەیراناوییەیی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلآیەتی و ڕۆشنبیریوهتد ئێمە دەخوازێت دەنگێکی ناڕازی توونـدو بزووتنەوەیەکی فشاری بەرفراوان بێنێتە بەرهەم . بەرهەم نەهاتنی ئەودەنگی ناڕازیبوون و بزووتنەوەی فشارە، بەهەموو ماناو بینین و لێکدانەوەیەك، بێجگە لەبەردەوامبوونی قەیران و تێکشکاندنی کۆمەڵگاو کایەجۆراوجۆرەکانی هیچی تر چێ نا.بەلآم دەبێت ئەوەش بزانین کەکۆکردنەوەی دەنگی ناڕازیبووی کۆمەڵگاو ڕێکخستن و ئاراستەکردنی وەك بزووتنەوەیەکی فشار بۆ کۆتایی پێهێنان قەیران لەسەر ئاستەجیاجیاکانی کۆمەڵگا، مانای ئەوەنیە کەچین و توێژەجیاجیاکانی کۆمەڵگا حکومەت یان دەسلآت بڕۆخێنن، بەڵکو دەبێت گۆڕان و نوبوونەوە دروست کەن. بەدیوەکەی تردا دەبێت خەڵك تێکڕا ئیرادەو تونای خۆی بەکارببا، لەپێناوی بەرژەوەندیە گشتی یەکانی نیشتمانی و نەتەوەیی وچین وتوێژەکانی کۆمەڵگاو تاد.. ئەمەش بەبێ گۆڕان درووست نابێ، گۆڕان (لەپێکهاتەی حزبی ، سیاسی ، دەسلآت، ئیداری، ئابووری ، کۆمەلآیەتی، ڕۆشنبیری) و هتد بۆنموونە ئێستا کەدەبینین لێشاوێك توانای جۆراوجۆر لەکایەیی مەعریفی و فیکری و سیاسی و ئیداری وڕۆشنبیری، لەنێوحزبی کوردیدایە بە حزبە بالآدەستەکا نیشەوە. ئەم لێشاوە خەڵك و توانایە ، ئەگەر بیەوێ دەتوانێ گۆڕانی پێویست دروست بکا، وەك تائەم کاتە پێچەوانەکەی دەبینین و زۆرتر هەڵپەی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆی دەکاو نایەوێ لەقاوغی دیسپلینی حزبی بەباش و خراپ، دروست و نادروست بێتەدەر. ئەوەی تریش کەلەدەرەوەی حزبە بەشێوەیەکی تابلێی خوڕسکیانە هەڵس و کەوت دەکاوو نەیتوانیوە ئەوتۆ کاریگەرییەکی پۆزەتیف لەسەرحزب و دەسلآت و نفووزی حزب دابنێ، کەدوورنیە ئەم لایەنەیان وای لەلایەنی دووەمی ناوحزب کربێ بێدەنگی هەڵبژێرێو لایەنی یەکەمی ناوحزبیش بەتایبەت حزبی بالآ دەست لەسەر ڕێتمی کارکردنی کلاسیکی خۆی بەردەوام بێ و گوێ بەلایەنی دووەمی ناوحزب و لایەنی سێ یەمی دەرەوەی حزبیش نەدا، کەئەمەش هێندەی تر قەیرانەکان قووڵتر دەکاتەوە.

## دۆخێکی لەبار .. بزوتنەوەیەکی نادیار

گرفتێکی گەورەیە ، دۆخێکی لەبار بۆ هاتنەمەیدانی بزوتنەوەیەکی ناڕازی لە شێوەی فشار لەئارادایە، کەچی وەك لەپێشوتردا لێی دواین ئەم بزوتنەوەیە ئامادەبوونی نییە ، یاخود لەگۆڕەپانەکەدا ونە و کاریگەری نییە . ڕەنگە بۆ چوونێکی جیاواز بەرامبەر بەم بۆچوونەی من هەبێ و پێی وابێ ، ئەو بزوتنەوەیەی کە باس دەکرێ و بەنادیاری دەشوبهێنرێ ڕاست نیە و ئامادەبوونی هەیە ، نمونەیەکیش کە ئەوی بەرامبەر بەم بۆچونە پشتی پێدەبەستێ خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکانی خەڵکە لە چەند مانگی رابردوودا . ئەمە ڕاستە ، بەڵام قسەلەسەر بوونی یان نەبوونی خۆپیشاندان نییە بەقەد ئەوەی قسەلەسەرئەوەیە ئەگەر ئەو خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیانەی کە بەشێوەی پچڕپچڕو خوڕسکیانە ئەنجام دران و لە داهاتووشدا بۆی هەیە درێژەیان هەبێ نەبنەماکی بزوتنەوەیەکی ڕێکخراو فشاربەر بۆ کەم کردنەوەو کۆتایی پێهێنان بەقەیران لەسەرجەم ئاستەجیاجیاکانی کۆمەڵگا دا ئەوا هیچ کاریگەری و ڕەنگدانەوەیەکی پۆزەتیڤی نابێت ، بەواتایەکی تر ئەگەر بزوتنەوەی فشار فشارنەبێ لەسەر سەرکردایەتی سیاسی کوردی و حزبەباڵادەست و کایە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵات و گشتی نە بێ و بەگوتارێکی ئاراستەکراوی تۆکمە خۆی نەمەسەلمێنێ ، هیچ گومانی تیانیە دەنگی نارەزایەتی و زەمینەی هاتەنەمەیدان و دروست بوونی بزوتنەوەی فشار بۆدەسەڵات و سەرکردایەتی سیاسی و حزبە باڵادەست و دام و دەزگاکانی دەسەڵات جێ دەمێنێ و تیایدا تەراتێن دەکەن حزبی باڵادەست و دەسەڵاتی حزبی بەردەوام هەوڵدەدات ئەو پانتایەی کەنارەزایتی تێدایە و زەمینەی هاتنەمەیدانی بزاوتێکی کارامەی تێدایە کۆنترۆڵ بکا و کاریگەری خۆی لەسەر دانا، بۆنمونە دەسەڵات و حزبی باڵادەست دەیان ریکخراو دام و دەزگای جۆراوجۆر لەدەرەوەی حزب و دەسەڵات دروست کردووە کە لە رووکەشدا بەناوی سەربەخۆ و لەناوەڕۆکدا گرێدراو بە بەرژەوەندیەکانی حزبی باڵادەست و داکۆکی کەر لە دەسەڵاتن ،بەڵکو هەندێ جار هەمان ئەوریکخراو دەزگایانەن تەقەلاو هەوڵی ئەوە دەدەن و دەنگی نارەزایەتی خەڵك و خۆپیشاندان و داواکاریەکانی چین وتوێژە نارازیەکان ناشیرین بکەن ، یان وێنەیەکی ناشیرین لەبەرچاوی خەڵك سەبارەتبە نارەزایەتی و خۆپیشاندان و داوارەواکانی خەڵك بەرجەستەبکەن ، یان زۆرجاربێ ئەوەی چین و توێژەکانی کۆمەڵ قبوڵیان بێت خۆیان بە دەم راستی خەڵك دەزانن و بەناوی خەلچکەوە قسەدەکەن، بۆ یە من ئەمرۆ وادەیبینم دۆخی ئەمڕۆ دۆخیچکی لەبارە بۆ دەرکەوتنی نادیاری و نائامادەبوونی بزوتنەوەی فشار لەکۆمەڵگای کوردیدا بەدیوە راست و دروست و بابەتیەکەی دا واتا دەتوانین بڵێین نادیاربوونی بزوتنەوەیەکی کاراو فشاربەر بۆ کۆتایی پێهێنان بە دۆخی قەیراناوی کوردی دەبێ لە ئەرکە گرنگ و پەلە و پرۆژەی ئێستای نارەزایتیەکانی خەڵك بێت لەم هاوکێشەیەدا مەسەلەیەکی گرنگتر و پرسیارێکی کۆنکریتی خۆی دەسەپێنێ وەك ئایا رۆڵ و کاریگەری حزب و ڕێکخراوە سیاسی و ریکخراوەپیشەیی و جەماوەری و دیموکراتیەکانی دەرەوەی دەسەڵات لەم ئاستەدا چییە و چۆن دەبێ ؟ .

## بزوتنەوەی فشار .. حزب و ریکخراوەکانی دەرەوەی دەسەڵات ؟

ڕەنگە زیادڕۆیی ئەگەربڵێین حزبەکانی دەرەوەی دەسڵاتیش تاڕادەیەکی بەرچاو بەرپرسیارن لەکۆنەبوونەوەی ناڕەزایەتیەکانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگاو ئاراستەنەکردنیان، وەك بزووتنەوەیەکی فشار بەر بۆ کۆتایی پێهێنانی قەیرانی کۆمەڵگای کوردی، چونکە پێش هەمووشتێ ئەوان دەسڵاتدارنین و بەشداریشیان بەڕێژەیەکی کەم لەدەسڵاتی ئیداری دا، مانای ئەوە نیە وەك پشکداری لەدەسڵات بەرپرسیارن لە قەیرانەکە و بەشێکن لەهۆکارەکەی ، بەڵکو ئەوان بەشەکلێکی تر بەرپرسیارن ئەویش ئەویە کەنەتوانن لەناڕەزایەتیەکانی خەڵکدا ڕێبەرو چاوساغ بن . من بۆخۆم ئەمە بەگرفتێکی گەورە دەزانم و پێشم وایە دەبێت حزبەکانی دەرەوەی حزبی دەسڵات ئەم ڕاستیە ساغ کەنەوەو ئیشی دروست و پێویستی تیابکەن. ئەگەر بگەڕێینەوە دواوە زیاتر ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کەڕاستە حزبەکانی دەرەوەی دەسڵات جۆرێك لەقسەو گووزارشتیان هەبووە لەدۆخی خراپ و قەیراناوی کۆمەڵگای کوردی، بەڵام من وای نابینم ئەو قسەو گوزارشتەی ئەوان بواری پێویستی پڕکردبێتەوەولەلایەك کاریگەری لەسەر دەسڵات و حزبە باڵادەستەکان دانابێ بۆدەستبەرداربوون لەسیاسەتی چەوت و بەنامەی نابابەتی کەبوونەتە هۆکاری پلەیەکی درووستبوونی قەیران و فراوانبوونی و پاشان کۆتایی پێهێنانی، لەلایەکەی تریشەوە بەوسیاسەت و گووتارو گوزارشتەی ڕابووردوو ئێستایانەوە نەیانتوانیوە ببنە پردی متمانە لەنێوان خۆیان و خەڵکدا، لەپێناوی تێکەڵاوکردن و بەهێزبوونی تواناکان بۆ ڕێگەگرتن لەسیاسەت و بەرنامەی نابابەتی و نالۆژیکی حزبەباڵادەستەکان و خوودی دەسڵات. لێرەوە وەك چۆن تەنگژەی متمانە لەنێوان گووتارو بەرنامە لەلایەك و کرداری حزبە باڵادەستەکان و دەسڵات لەلایەکی تر هەیە ، ئاوهاش خەڵك لەئاستی گوومانەدا مامەڵە لەگەڵ گووتارو بەرنامەی حزبەکانی دەرەوەی دەسڵاتیش دەکا. بۆیە لەوە گرنگ ترنیە حزبەکانی دەرەوەی دەسڵات کاربۆئەوە بکەن ئەگوومانە فراوان نەبێتەوە و نەگاتە ڕادەی ئەوەی خەڵکی ناڕازی جیاوازی لەنێوان دەسڵات و حزبەباڵادەستەکان لەلایەك و حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی دەرەوەی دەسڵات نەکات و پێی وابێت وەك و بەرامبەر یەکتر بەرپرسیارن لەوەی کەدەگووزەرێ و ڕوودەدا، بەتایبەت فراوانبوون و قوڵبوونەوەی قەیرانی کۆمەڵگاوو ڕێژگەبەستنی زیانەکانی بەئاراستەیەك کەمەزەندەی خراپی لێبکرێ. بەبڕوای من ئەگەر ئەمە نەکرێ و خوودی حزبەکان خۆیان هەوڵ بۆ سەلماندنی جیاوازییەکانی نێوان خۆیان و حزبە دەسڵاتدارەکان و دەسڵات نەدەن ، ئەوکات گووتارو ئاراستەی بیرکردنەوەو پرۆژەی کارکردنیان ناڕۆشن دەبێت و ناتوانن ببنە پردی متمانە لەنێوان خۆیان و خەڵکداو فشار بۆ کەمبوونەوەی قەیران و هەنگاونان بەرەو کۆتایی پێهێنانی بنرێ. ئەو ڕێکخراوانەشی (جەماوەری ، پیشەیی ، دیموکراتی) بمانەوێ یاخوود نا، کەبەحزبەکانی دەرەوەی دەسڵات و حزبەباڵا دەستەکانەوە پەیوەستن ، پێش هەمووشتێ دەبێ ڕاستی و نلڕاستی تەسلیمبوونیان بەحزب و ڕێکخراوەکانی دەرەوەی دەسڵات ساغ بکەنەوەو لەچوارچێوەی گووتاری حزب وکاریگەرییەکانی بچنە دەرەوە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە دەبێت هەوڵ بدەن ئەوان کاریگەری لەسەرگووتاری حزب و ڕێکخراوەسیاسیەکان دابنەن لەپێناوی ئامادەکردن و هێنانەمەیدانی بزووتنەوەی فشار لەسەر ئەوانەی کەلەسەرەوە باسمان لێوەکرد.

ئەوانەی کەلەسەرەوە لێی دواین و قسەمان لەسەرکرد ، کۆمەڵێ سەرنج و بۆچوونی منن لەسەرواقیعی قەیراناوی کۆمەڵگای کووردی و لەبەرامبەردا بوون و نەبوونی بزووتنەوەی فشار .